## بنچینەکانی کورد

بێگومان هەتا ئەمڕۆش هیچ مێژوونووسێکی ڕۆژئاوایی ئەوەندەی مینۆرسکی سەبارەت بە مێژووی کورد توێژینەوەی نەکردوە و بەرهەمی چاپکراوی نەبووە.
من پێشتر لەم زنجیرە وتارەدا باسی بەرهەمەکانی مینۆرسکیم کردوە، کە هەندێکیانم هەر خۆم لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگێڕاونەتە سەر کوردی. وا لێرەدا باسی پەرتووکێک دەکەم کە کاک دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا لە ١٩ وتاری کورت و درێژی مینۆرسکی پێکی هێناون و هەموویانی لە فەرەنسییەوە تەرجەمەی کوردی کردوون.

لە ناو وتارەکاندا بەتایبەت ئەو وتارەی وا مینۆرسکی سەبارەت بە "ساوج بولاق" واتە شاری سابڵاغ(مەهاباد)ی نووسیوە و لە ئەسنیکلۆپێدیای ئیسلامدا چاپی کردوە، زیاد لە هەمووان ناوچەی بۆکان دەگرێتەوە. بەڵام وتاری سەقز و هەروەها وتاری سەرەکی بە ناوی "بنچینەکانی کورد" یش لە پەیوەندی بۆکاندا گرنگن. لەم وتارەی دواییدا مینۆرسکی باسی ماناکان دەکات و پێتەختیان کە "ئیزیرتوو" بووە و دوای مینۆرسکی، گومانی ئەوە دەکرێت کە گوندی قەڵایچی بۆکان بگرێتەوە. مینۆرسکی هەروەها لە باسی فەقرەقای مەهاباد دا دەڵێت "دیاکۆ"ی دامەزرێنەری زنجیرەی ماد، خۆی ماننایی بووە (لاپەڕە ٣٧).

وتاری ساوج – بۆلاق (لاپەڕە ٨٧ تا ١٠٩) باسی دیاردە سروشتییەکانی ناوچەی مەهاباد و بۆکان دەکات بە رووبار و چیاوە و دەڵێت لە دەوروبەری سابڵاغ ئەم ناوچە گوندانە هەن:
**بێهی**، لەسەر رووباری تەتەهوو و لەسەر چوار رێیانی ساوج بولاق – سەقز – و مەراغە ـ سەقز، ٦٥ ئاوایی دەگرێتەوە لە گرنگترینیان ئاوایی بۆکانە (لاپەڕە ٩٣).

لە لاپەڕە ١٠٢ شدا دەنووسێت: "دێبوکری وەچەی هەرە کۆنی موکرییەکانن".

هەروەها لە لاپەڕە ١٠٧ دا دەنووسێت: "زاراوەی دێبوکری لە شەرەفنامە دا ناوی نەهاتووە و [بەم پێیە] نابێ کۆن بێت.

بەگشتی وتاری ساوجبلاق و سەرجەمی کتێبەکە جێگەی کەڵک وەرگرتنی زۆرن.

ڤلادمیر مینۆرسکی، *"بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی"*، وەرگێڕانی د. نەجاتی عەبدوڵڵا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ینک)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ٢٧٨ لاپەڕە، کوردی.